گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# وێنە و نووسینی سەر کێلەکانی گۆڕستانی گوندی کەورگۆسك لە پارێزگای هەولێر
# توێژینەوەیەکی شیکاری هونەرییە - نمونەی هەڵبژێردراو

**پ. ی. د. نرمین علی محمد ئەمی**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
narmen.ameen@su.edu.krd

**بارزان ڕشید محمد**
قوتابی ماستەر، بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
Barzan.mhamad@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٦/٢٠
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٧/١٠
بڵاوکردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

ووشە سەرەکییەکان
*Gravestones, Pictures, Writings, Village, Kargosk.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.19

پوختە

کێلی گۆڕەکان لە زانستی شوێنەواردا گرنگییەکی زۆری هەیە، ڕێگایەکە بۆگەیشتن بە کۆمەڵێک زانیاری، ئەویش بە هۆی بوونی نووسین و وێنەکان لەسەر کێلەکان، ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە نووسین و وێنە هەڵکەندراوەکانی سەرکێلی گۆڕستانی گوندی کەورگۆسک سەربە قەزایی خەبات لە پارێزگای (هەولێر). ئەمەش وەک دەرخستنی لایەنی شارستانی و مێژووی ئەم ناوچەیە کە تاوەکو ئێستا هیچ ئاماژەیەکی زانستی تیۆری بۆ نەکراوە، ئەم توێژینەوەیە شیکاری بۆ(کێلی سێ گۆڕ) لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە کێلەکان شکاوە و دەستکاری کراون، بەڵام توانراوە پارچە شکاوەکان کۆبکرێتەوە وبەیەکەوە ببەسترێتەوە دووبارە چاکبکرێتەوە، هۆکاری شکانی ئەو کێلانەش بۆ هۆکاری سروشتی ومرۆیی دەگەڕێتەوە.
ئەم توێژینەوەیە یەکەمین لێکۆڵینەوەیە لەم بوارە کە لەڕووی تەکنیکی و ئەندازەییەوە مامەڵە لەگەڵ کێلی گۆڕەکاندا دەکات و تێیدا ئێمە وەک بەشێکی بنەڕەتی توێژینەوەکە تیشکمان خستووتە سەر لایەنی مەیدانی، بەهۆی نەبوونی سەرچاوەکان لەسەر بابەتی توێژینەوە بەتایبەتی و ناوچەکە بەگشتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1. پێشەکی

گوندی کەورگۆسک دەکەویتە شارەدێی کەورکۆسک سەر بە قەزای خەبات پارێزگای هەولێر، ئەم گوندە گرینگی تایبەتی هەبووە لە مێژووی دروست بوونی لەناوچەکەو مەڵبەندێکی گرینگی پێشکەوتنی ژیان مێژوو بووە، بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان، ئەم توێژینەوەیە گرنگی بە شیکاری کێلە نەخشێندراوەکانی گۆڕستانی گوندی کەورگۆسک دەدات، وەک توێژینەوەیەکی مەیدانی لە گەل ئەوشدا کورتەیەک لە جوگرافیاو مێژووی ناوچەکە باس کراوە بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ناوچەکە، چونکە لە پێشوودا وەک پێویست هیچ توێژینەوەیەکی لەم شێوەی تێدا ئەنجام نەدراوە، هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بابەتەکە لە ڕووی زانستی شوێنەوارییەوە.

هەڵبژاردنی کێلی گۆڕەکان دەگەریتەوە بۆ گرنگی بابەتەکە لەزانستی شوێنەوارناسی، بەتایبەت کێلی گۆڕ لە سەردەمی ئیسلامی زانیاری بەنرخی تێدایە لەرووی ڕەچەڵەک و ناو و وڵات و پێکهاتە زمانەوانییەکان، هەروەها دەقی ئایینی کە لەسەریان هەیە، دەستەواژەی پڕوپاگەندە، ناونیشان، ڕەگەز، لەڕاستیدا کێلی گۆڕی ئیسلامی گرنگییان بەڕوونی دیارە سەبارەت بەخوێندنی شێوازو جۆرەکانی خۆشنووسی عەرەبی و بڵاوبوونەوەو گەشەکردنی لەوڵاتە جیاجیاکانی جیهانی ئیسلامی. چەندین کێلی گۆڕی ئیسلامی هەیە بە نەخش و زەخرەفەی جیاواز، لەوانە شێوازی ڕووەکی و ئادەمی و ئەندازەیی نووسینە ڕازاوەکان ڕازێندراونەتەوە، بوونی ئەم جۆرە کێلانەش لە هەر ناوچەیەک گرینگی ناوچەکە دەردەخات، لە ڕووی کەلتوری مێژووی وزمانەوانییەوە. هەروەها ئاشنابوون بە چۆنیەتی دروست کردن و ڕازاندنەوەی ئەو کێلە بەردانە بە نووسین و وێنە جۆراو جۆرەکان. وەک یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی کێلی بەردی ئیسلامی لەسەرەتایی پەیدابوونی تاوەکو ئێستا.

لەم توێژینەوەیەش شیکردنەوە بۆ سێ گۆڕی گۆڕستانی گوندی کەورگۆسک ئەنجامدراوە، بە جۆرێک هەموو زانیاریەکی پێویست سەبارەت بەچۆنیەتی دروستکردنی کێلە بەردییەکان. هەموو ئەو جۆری نووسین وێنانەی کە لەسەری نەخشێندراون، لەگەڵ خاوەنی گۆرەکان بۆ کێ دەگەرێنەوە.

سەبارەت بە کارە پێشینەییەکان لەسەر ئەم بابەتە ژمارەیەک لە توێژەران و شوێنەوارناسان کاریان لەسەر نەخش وزەخرەفەکانی سەر کێلە بەردییەکانی سەردەمی ئیسلامی لە کوردستان کردوە، لەوانە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(د. عیماد عیدالسلام رؤوف و نەرمین علی محمد امین) بەهاوبەشی پەرتووکێکیان بڵاوکردووەتەوە بەناونیشانی (شواهد السلطانية في العمادية دراسة تاريخية أثرية) لە ساڵی (٢٠١١ز)، هەروەها نامەی ماستەری بەڕێز(مەهدی جەلال مستەفا) بەناونیشانی (هونەری نەخش و زەخرەفەی سەر بەرد لە پارێزگای هەولێر لەساڵانی (١٦٥٠- ١٨٥٠ز) کە توێژینەوەکی مەیدانیە) لە ساڵی (٢٠١١ز). تویژنەوەی بەرێزان (پ. د. زێدان ڕەشید خان ئاودەڵ برادۆستی و عەلی عەبدوالرحمان بانیشاری) بەناونیشانی (کێلە نەخشێندراوەکانی گۆڕستانی پیر غەیب (بانیشار) لە شارۆچکەی خورماڵ توێژینەوەیەکی مەیدانیە) لە ساڵی (٢٠١٥ز). لەگەڵ توێژینەوەی بەرێز (محمد علی شوێنەوار) بەناونیشانی (ونەری نەخشی سەر کێلەبەرد لە ناوچەکانی پشدەر، بتوێن، دوکان) لە ساڵی (٢٠٢٠ز) لە چوارچێوەی پەرتوکێکدا بڵاوکراوەتەوە.

پلانی توێژینەوەکە لە چەند تەوەرێک پێکدێت، بە پێشەکی و جوگرافیاو مێژووی ناوچەی لێکۆلینەوە دەستەواژو زاراوەی گۆڕستان وشوێنی گۆڕستانی گوندی کەورگۆسک، لەپاشان تەوەرەکانی تر تایبەت بە شیکردنەوەی نەخش و نیگارو زەخرەفەکانی سەر کێلەبەردییەکان لەگەڵ وێنەکانیان، لە کۆتایی توێژینەوەکە ئامانج و گرنگییەکەی ڕوونکراوەتەوە لەگەڵ خستنەڕووی لیستی سەرچاوەکان، وەرگێرانی پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی.


## ٢. جوگرافیای شارەدێی کەورگۆسک:

سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە هەر لەکۆنەوە بەشێک بووە لە سنوری جوگرافی (دەشتە هەولێر) [1] لە ئێستادا یەکێکە لە ناحیەکانی سەر بە قەزای خەبات، قەزای خەباتیش سەر بە پارێزگای هەولێرە. سنوری جوگرافی شارەدێی کەورگۆسك لە بەشی باکووری ناحیەی دارەشەکران سنورەکەی پێکدەهێنێت، ناحیەی بەحرکەی سەر بە قەزای عەنکاوە کەوتووتە بەشی ڕۆژهەڵاتی، ناحیەی ڕزگاری سەر بە قەزای خەبات لە بەشی باشوور وباشووری ڕۆژئاوای ئەم ناحیەیە هەڵکەوتووە، هەروەها

(1). دەشتی هەولێر: دەشتی هەولێر پێک دێت لە حەوزێکی فراوان داپۆشراو بە نیشتەنی زبر و قورو چەو لم ڕووی شوێنگەی جوگرافی یەوە بەو بەشانەدەوترێت کە دەکەونەباشوورو باشووری ڕۆژئاوای شاری هەولێر، کەپێک دێن لە دەشتەکانی قەراج کەندێناوەو شەمامک و بەرانەتی، بەپێ هەلکەوتە بە شوێنیکی زۆر گرنگ بایەخدار دادەنرێت لەڕووی کشتوکاڵی و بەپێتی خاکەکەی زۆری ئاوی ژێر زەوی هەر لە کۆنەوە مرۆڤی تێدا نیشتەجێ بووە. (سنجاوی ٢٠٠١، لا ١٢٣).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووباری زێی گەورە و قەزای ئاکرێ ڕۆژئاوای سـنوری پێك دەهێنێت، لە ڕووی ئەسـترۆنۆمیەوە (فەلەکی) یەوە ناحیەی کەورگۆسـک دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (36,24 -42,36) باکوری گۆی زەوی هەر دوو هێـلی درێـژی (43,35 -43,50) ی ڕۆژهەڵات، ڕووبەری گشـتـی نـاحـیەی کەورگۆسک دەگات نزیکەی (١١٣,٤کم²). (غەفور، ٢٠١٥ز، لا ٤٥٠). (نەخشەی ژمارە (١)).




نەخشەی ژمارە (١) سنوری کارگێڕی ناوچەی لێکۆڵینەوە


سەرچاو: (دەستەی ئاماری هەرێم، ٢٠٢٢)

زەوییەکانی ناحیەی کەورگۆسـك لە طوبوغرافیای نیمچە شـاخاویەکان هەژماردەکرێت، بە تایبەتی بەسـنوری ناوچەی گرد و بانەکان ناسـراوە. سـەرباری ئەوەش ئەم ناوچەیە تا ڕاددەیەك تەخت و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێژییان کەمە. کە درێژدەبنەوە لە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵات بەرەو خۆرئاواو باشـووری خۆرئاوا، هەر چەندە لە خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵات بەرەو باشـورو باشـوری رۆژئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە برۆین لێژایی زەویەکان کەم دەبێتەوە، بەشــێوەیەکی گشــتی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی بەرزی و نزمی یەوە بریتیە لە گرد و دەشت، کە بەرزییەکانیان لە نێوان (٢٥٠-٤٠٠) مەترە، تا لە باشووری ڕۆژئاوا بەرەو ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەلات برۆین زیاتر زەویەکانی بەرزدەبێتەوە لە ئاســتی ڕووی دەریا. گردەکان بە شـێوەی زنجیرە لە باکورو رۆژهەڵات لە سـەر سنوری دارە شـەکران درێژ دەبێتەوە بەرەو باشــوری ڕۆژئاوای ناحیەکە تا نزیك ســنووری ناحیەی ڕزگاری. ئەم شــێوە درێژبوونەوەی گردەکان بووەتە هۆی دابەشـکردنی دەشـتەکان بۆ دوو بەش، بە شـێکیان دەکەوێتە خۆرهەڵات و باشـووری خۆرهەڵات، بەشـەکەی تر دەکەوێتە خۆرئاوای ناحیەکە، ئەم دەشـتانەش زۆربەیان کشـتوکاڵی دێمی وەکو (گەنم, جۆ، نۆك...هتد) تێدا دەچێندرێت. وە ئەو بەشــەی دەکەوێتە ســەر لێواری ڕوباری زێی گەورە بەلای باشووری ڕۆژئاوا زیاتر بەکاردێت بۆ کشتوکاڵی ئاوی (نەخشەی ژمارە (٢)).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




نەخشەی ژمارە (٢) نەخشەی بەرزونزمی شارەدێی کەورگۆسک

سەرچاوە: (دەستەی ئاماری هەرێم، ٢٠٢٢)

سنوری ناحیەکە ڕووبەرێکی فراوانی هەیە، ژمارەیەکی زۆر گوند دەکەوێتە سنورەکەیەوە، (١٧) گوند لە خۆی دەگرێت، بریتین لە گوندەکانی (کەورگۆسک، گردەشێر، خرابەدراو، شیوەڕەش، شیوەڕەش (حاجی فیصل)، شیوەڕەش (دیوان)، (گاینجی )[1]. گەورە، گاینجی بچووک، گاینجی سەربەستی، گاینجی ڕاستی، ئیفرازی میران، ئیفرازی کەماڵ، مامەڵۆک، ئاغوڵان، ئاغوڵان اسعد (کورداوە)، ئاغولانی نوێ، سمایلاوە)، لە ڕووی کارگێریەوە لە سەرەتادا وەک کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ دروست کراوە لەلایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە، بۆیە بەم شێوەیە ماوەتەوە تاوەکو لە (2008/5/19ز)،

[1] . گاینج: گوندێکەدەکەوێتە باشوری شارەدێی کەورگۆسک کاتی خۆی یەک گوند بووە بەناوی گاینج بەڵام ئێستا چەند گوندیکی تری لێ بۆتەوە هەر بەو ناوە ناسراوە. (توێژەر)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری بەناحیەکردنی دراوە، بەشێک لە دام یەکە کارگێڕییەکان کە پێداویستی سەرەکی بوون بۆ ناحیەکە دابینکراوە. (بەڕیوەبەرایەتی ناحیەی کەورگۆسک، ٢٠٢١ز). کەورگۆسك بەناوچەیەکی کشتوکاڵی گرنگ و گەشتیاری ناسراوە لەبەر ئەوەی دەکەوێتە سەر (زێی گەورە )[1]، بوونی ئەم سەرچاوە ئاوییەش وای کردووە ببێتە ناوچەیەکی کشتوکاڵی، گەورەترین پرۆژەی ئاودێریک ە دەکەوێتە کەورگۆسک پرۆژەی ئاوی (افرازە). جگە لە هەبوونی پالاوگەی نەوتی کەورگۆسک چەندین کارگەی تری وەک بەرهەمهێنانی (شیش)و خواردنەوەی گازیەکان (کۆکاکۆلا)چەندین کارگەی بچووکی تر (رشید ٢٠١٤، لا ٦١).

### ٣. مێژووی کەورگۆسک:

شارەدێی کەورگۆسک سنورێکی فراوانی هەیە، لە کۆنەوە جێگای ژیان بووە بەڵگەش بۆ ئەمە بوونی چەندین ناوچەی شوێنەوارییە لە سنورەکە، لە ڕووپێویە شوێنەواریەکان تۆمارکراون، لەوانە (خرابە کەورگۆسک) لە گوندی کەورگۆسک ( قەڵای گردەشێر) لە گوندی گردەشێر، گردی (قادر اغا) لە گوندی خرابەدراو، هەموو ئەمەنە ناوچەی شوێنەوارین (العامة 1970، ص ١١-١٣)، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ هەڵکۆڵینیکی شوێنەواریان تێدا ئەنجام نەدراوە بۆ ئەوەی مێژووەکانیان بەتەواوی دیاری بکرێت. تەنها ئەوە نەبێت ناو مێژووی کەورگۆسک دەگەرێتەوە بۆ ئەو خرابە شوێنەواریەی کەناسراوە بە خرابە کەورگۆسک شوێنەکەش بریتییە لە گردێکی شوێنەواری لە لێواری ڕووباری زێی گەورەیە، ناوی (کەورگۆسک)یش کەلە دوو بەش پێک هاتووە (کەور ــــ گۆسکە) هەر بۆ ئەوگردە دەگەرێتەوە، ووشەی (کەور) لە ڕووی زمانەوانی فەرهەنگی کوردی بەمانای تاشەبەرد یان تاوێر دێت کەبەقەت شاخێک یان شوێنێکی بەرزەوەیە، ووشەی (گۆسک)ە بەمانا شەربە یان گۆزە دێت، یان ناوی ئەم گوندە لە کەڤرا (تاوێر، بەرد) + گۆسک (گۆسکە) هاتووە، لە کەندەڵانێکی نزیک ئەم گوندە گۆسکەو جەرەو جۆرەها کەل و پەلی لەبەردو لە قوڕ دروستکراو بەبەردەوامی دەردەکەوێت، ناوی گوندەکەش لە ناوی ئەم تەلان یا کەندەڵانە هاتووە (خال ٢٠٠٥، لا ٣٨٠-٤٠٧). (سمایل ٢٠٠٤ز، ١٢١). ئەگەر سەیری

---

[1] زێی گەورە : : کە سەرچاوەی ئەم ڕووبارە لە باکوری کوردستان دێت بە ناوچە شاخاوی و دەشتایەکان تا دەگاتە باشوری ڕۆژئاوی موصل دەرژێتە رووباری دیجلە، درێژی (٣٩٢) کیلۆمەتر دەبێت. (غفور ٢٠٠٥، لا ٨٨-٨٩).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوچەکە بەگشتی و ئەو گردەو پاشماوەکانی گردەکە داپۆشراوە بە پارچە گۆزەی شکاو کە بریتین لەگلێنەی لە قوڕ و بەرد دروست کراو، لەگەڵ بوونی گۆڕ وچەندین پاشماوەی تری شوێنەواری کە بەتێپەر بوونی کات لەسەر ئەو گردە دەرکەوتوون، لە ساڵانی پێشوو لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر بەهاوکاری زانکۆی (هارڤارد)ی ئەمریکی رووپێویەکی شوێنەواریان لە دەشتی هەولێر ئەنجامداوە بۆ گەڕان بەدوای پاشماوە شوینەوارییەکان، کەورگۆسک بەشێک بووە لەم ڕووپێوییە، لە ئەنجامدا گەیشتونەتە ئەوەی کە ئەو ناوچەیە دەگەرێتەوە بۆ هەزارەی چوارەمی پێش زاین و سەردەمی برۆنزی لەگەڵ نیشانگەکانی کۆتایی ساسانی وسەرتایی سەردەمی ئیسلامی (Ur,jason et al 2021, p.1). لە سەردەمی مێژووی نوێ هاوچەرخیشدا لە ساڵی (١٩٨٧ز) دوای تێکدانی گوندەکانی کوردستان لە لایەن ڕژێمی (بەعس) لە نزیک ئەم گوندە کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ دروستکراوە بۆ خەڵکی گوندەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بە زۆری راگوێزراون بۆ ئەم کۆمەڵگایانە، بەڵام دوای ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی کوردستان بەشێکی زۆری گەراونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان (بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی کەورگۆسک، ٢٠٢١ز).

### ٤. گۆڕستان لە رووی زاراوەو زمانەوانیەوە:

گۆڕستان بەواتای شوێنی بەخاک سپاردن و کۆکردنەوەی مردوانە لەشوێنێکی دیاری کراوە، لە زمانی کوردی بەچەند شێوەیەک هاتووە لەوانە (قەبرستان، ئارامگە، گلکۆو، مەزارگە) (خال ٢٠٠٥، لا٤٠٠). لە رووی بیناسازییەوە زاراوەی شوێنەواریش لە زمانی عەرەبی (مقبرة)ی پێدەوترێت، لە ووشەی (قبر)ی عەرەبی وەرگیراوە، بەچەند شێوازێگ هاتووە، وەک (الضریح، یان التربة، مدفن،المشهد، یان مرقد، مقام (ثیوبی، ٢٠٠٥، ص ٥٠٥-٥٠٦)، هەندێک گۆڕ هەیە لاشەی مردووەکەی تێدانیە پێی دەوترێت (تشریفیة) واتا شوێنی رێزلێنان (بەرزنجی ٢٠١٧، لا ٤١٧). بەڵام کێل ئەو بەشەیە لە گۆڕ لای سەری مردووەکان دادەنرێت، هەندێکجار لەلای خوارەوەی گۆڕەکەش دادەنرێت (شوێنەوار، ٢٠٢٠، لا١٥) کێڵ لە ماددەی بەردی وەک (جیری، مەرمەر، تاوێری، لمین و. . . هیتر) دروست دەکرێت، کێلەکانیش دووجۆرن کێلی ئاسای و سروشتی، یان ئەو کێلەی کە نەخش وزەخرەفەی لەسەر دروست دەکریت. بەگشتی کێل بەشێکەلە بیناسازی ئاینی نەخش نیگارو نووسینی لەسەر ئەنجام دەدرێت (ثیوبی،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢٠٠٥، ص ٣٠٨). گۆڕستان و شوێنی ناشتنی مردووەکان هەر لە کۆنەوە گرنگی زۆری پێدراوە، ئەویش بەهۆی ئەو بیرو باوەڕەی کە خەڵک بۆیان دروست بووە لە سەر ژیانی داهاتووی ناو گۆڕ، ئەگەر سەیری گۆڕستانەکانی کوردستان بکەین چەندین گۆڕستان بە شێوازی جیا دەبیندرێت لە هەموو ناوچەکانی کوردستان، یەکێک لەو گۆڕستانانەش گۆڕستانی سوڵتانەکانی ئامێدیە (المقبرة السلطانیە)، کە مێژووە کەی دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی مێرنشینی بادینان و گرنگیەکی زۆریان بەگۆڕی سوڵتانەکان داوە لە دروست کردنی گومەز لەسەر گۆڕەکان و ڕازاندنەوەی بەردە کێلەکان بە نەخش و زەخرەفەی نووسین (رؤف و محمد أمین، 2011م، ص 14-15).

### ٦. هەلکەوتەی جواگرافی گۆڕستانی گوندی کەورگۆسک:

ئەم گۆڕستانە دەکەوێتە باشوری گوندی کەورگۆسک. کاتی خۆی لە دووری گوندەکە بووە، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانشتوانی گوندەکە بۆتە بەشێک لە گوندکە. ئەم گۆڕستانە شێوەیەکی درێژکۆلەی نارێکی هەیە بەتەنیشت لێواری ڕووباری (زێی گەورە)وە، ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردوە، بەهۆی بەرزی لە ئاستی ناوچەکانی دەورووبەری ودەرکەوتنی چەندین پارچەی گۆزەو گلێنە لەسەر ئەم گۆڕستانە، بۆچوونەکان بۆ ئەوە دەچن لە پێشووتردا گردێک یان نشینگەیەکی کۆن بوو بیت، بەڵام لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر گۆڕی تیدا بەدی دەکرێت، پێدەچیت بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن بگەڕێتەوە، ئەمەش وەک بەڵگەیەکە بۆ هەبوونی ژیان لەو ناوچەیە بەدرێژایی مێژوو. (وێنەی ژمارە (١).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وینەی ژمارە (١) گۆڕستانی کەورگۆسک لە ئاسمانەوە لەرێگای ئامیری درۆن وینە گیراوە
سەرچاوەی وێنە: بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر، ٢٠١٨)

ئەگەر سـەیری ژمارەی دانیشـتوانی گوندەکەش بکەین لە ئێسـتاو لە ڕابردوودا ژمارەیان بەو ڕێژەیە نەبووە، بەنموونە لە سەر ژمێری ساڵی ١٩٥٧ز ژمارەی دانشتوانی گوندی کەورگۆسک (١٨٦) کەس بووە (غفور، ٢٠٠٥م، لا ٨٣). ئەگەرچی ژمارەی دانشـتوانی گوندەکە لەگەڵ زۆری گۆڕەکان یەکانگیرنیە، بەڵام ئەوە دەرخەری ئەوەیە کە جگە لە خەڵکی گوندەکە خەڵکانی تری سـنورەکەو دەرەوەش سـودیان لەو گۆڕستانە وەرگرتووە بۆ ناشتنی مردووەکانیان. سەبارەت بە ژمارەی ئەو کێلە بەردیانەی کە نووسین و وێنەی جیاوازیان لەسـەر نەخشـێندراوە بۆکۆتایی سـەردەمی فەرمانڕەوایی عوسـمانییەکان دەگەرێتەوە (١٨٨٠-١٩١٦ز)، بریتین لە ژمارەیەك گۆڕ، لەم توێژینەوە شیکردنەوەمان بۆ سێ گۆڕ کردوە، پێک دێت لە شـەش کێلە بەردی جیاواز لە شـێوەو شـێوازی دروسـت کردن و ئەو نووسـین وێنانەی لەسەریان نەخشکراوە.

### ٧. شیکاری بۆ کێلەکانی گۆرستانی کەورگۆسک

ژمارەیەک کێلی نەخشـێندراو دەبیندرێین لەگۆرسـتانی گوندی کەورگۆسـک، ئێمە لەم توێژینەوەیە تەنها شـەش کێلەگۆرمان وەرگرتووە خوێندنەوە وشـیکردنەوەمان بۆ کردوە کە دوو کێڵ یان هیچ نووسین و وێنەیەکی لەسەر نیە تەنها کێلەکە خۆی وەک شێوەی شمشێر دروستکراوە، کێلەکانی تر کە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لای ســـەرو لای پێ مردوەکانن ڕازیندراونەتەوە بە نووســـین و وێنە، نووســـینەکان کەلای ســـەری مردوەکانن بریتین لە ئایەتی قورئانی ناو ســاڵی مردوەکان تێدا نووســراوە، وێنەکانیش کە دەکەویتە لای پێیەکانی مردوەکان بریتین لە چەند وێنەو ئاماژەی وەک شـــمشـــێرو خەنجەرو دەمانچە لەگەل بوونی چەند نەخشێکی ئەندازەی.

## گۆڕی یەکەم لە دوو کێل پێکهاتووە:

**کێلی یەکەم: (لای سـەرین):** لای سـەرینی مردووەکەیە کێلەکە شـێوەیەکی لاکێشـەیی هەیە، بەشـی سەرەوەی کۆتاییەکەی بەش بەشە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەشی سەرەوەی شکاوە ناتوانین بەتەواوی بشەکانی دیاری بکەین تەنها سێ بەشی ماوەکە پێ دەچیت خۆی چوار بەش ببێت، کێلەکە بەرزیەکەی (٧١ســـم)ە، پانییەکەی (٥٨ســـم)ە و ئەســـتوری کێلەکە(٦ســـم)ە. جۆری ئەو ماددەیەی بەردەکەی لێ دروستکراوە بریتی یە لەبەردی (حەلان)، زەخرەفەکانی سـەرکێلەکە بریتین لە زەخرەفەی نووسـینی بە شێوەی خەتی (ثلث)[1]، بەزمانی عەرەبی نووسراو، بە هەڵکۆڵینی دیار(نحت بارز)[2]، دابەش کراوە بۆ پێنج دێڕ بە شێوەی ئاسۆی، بەجۆرێک دێری یەکەم لە نووسینەکەی لە ناو شێوە بازنەیەک دایە دێری دووەم تا چوارەم لە نێوی شێوەیەکی لاکێشەی دایە، دێڕی خوارەوە کە کۆتا دێڕە و شوێنی نووسنی ساڵی کۆچی مردووەکەیە بە شـێوەیەکی بچووکتر دەرکەوتووە وهەڵکۆڵینی بۆکراوە، نێوان دێڕەکان بەهێڵێکی ئەندازەی پان جیاکراونەتەوە لەیەکتری.

زەخرەفەو نووسینی سەرکێلەکە بەم شێوەیە:

١. ئەوبەشـەی کیلەکە شـکاوە، بەلام لە ناو شـێوەیەکی بازنەی نووسـراوە (یارحیم). بەمانای بەزەیی دێت

---

[1] ثلث: ئەمەش جۆریکە لە خەتی عەرەبی مێژووەی دەرکەوتنی دەگەرێتەوە بۆ ســـەردەمی ئەمەوی وعەباســـیەکان بە دایکی خەتی عەرەبی ناسراوە بە هۆی ئەوەی لە کاتی دروست کردن و نەخشاندنی ماندوو بونی زیاترە (الجبوری، ١٩٩٤م، ص ١٣٠)

[2] نحت بارز: بریتیە لە هەڵکۆلین یاخود شـێوازەکانیی نەخشـاندن لە سـەر ڕووبەرێک بە شـێوەی دیار، یاخود وێنەکردنی جسم بۆ نەخشەکان (رزق 2000، ص 316).


ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢........المرحوم المغفور. سەرەتایی نووسینەکە کیلەکە شکاوە بەلام وەک گۆرەکانی تر پێ دەچێت نووسینەکە بەم شێوەیە بێت (هذا) ( لە ڕووی ئاینیەوە بەمانای خوداڵێخۆش بوو عەفوو کەر دێت)

٣. لە خضیر بن حاج عزیز

٤. توفی فی شهر جماد الاول ( لەمانگی جمادی یەکەم کۆچی دوای کردوە)

٥. سنە ١٣١٠ (ساڵەکە کۆچی یە بەرامبەرە بە ١٨٨٩زاینی). (وێنەی ژمارە (٢)هێڵکاری ژمارە (٣)).



هێڵکاریژمارە (٣) وێنە: توێژەر




وێنەی ژمارە (٢) وێنە: توێژەر

**کێلی دووەم (لای پێیەکان):** ئەم کێلەش دەکەوێتە لای پێیەکانی مردووەکە بەهۆی ئەوەئەم کێلەش بەشی لای سەرەوەشکاوە، بەلام دوای گەران لە نێوگۆرستانەکەتوانیمان بەشێک لەپارچە شکاوەکان بدۆزینەوە بە شێوەیەکی کاتی چاکی بکەینەوە، هۆکاری شکانەکەش دەگەرێتەوە بۆ هۆکاری سروشتی مرۆیی، شێوەی کێلەکە دوای چاکردنەوەی لاکێشەیە کۆتاییەکەی بەشێوەی بەش بەشە بە گوێرەی پێوانەکانی، بەرزیەکەی(٩١سم)ە و پانیەکەی (٥٧سم)ە ئەستوری کێلەکە (٦سم)دەبێت، جۆرەی بەردەکە (حەلانە) ڕووی پێشەوەی نەخش وزەخرفەی لەسەرکراوە، بەلام پشتەکەی هیچ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زەخرەفەیەکی لەســەر نەکراوە، زەخرەفەکانی ڕووی پێشــەوە کێلەکە دوای چاکردنەوەی بریتیەلە نەخشــی دوو دەمانچە کە کە دەکەوێتە هەر لایەکی کێلەکە لەناوەرســتی ئەم دوو دەمانچەیە دوو (شمشێر)ی درێژ نەخشکراون و خەنجەرێک لەناوەراستی دوو شمشێرەکە درویتکراوە، بەلام سەری دوو شــمشــێرەکان کەوتۆتە ژێر زەوی بەهۆی تێپەر بوونی کات، کۆبوونەوەی پاشــماوەی خۆڵ، خوارەوەی خەنجەرەکە چەند بازنەیەکی (خر) دیارن کە ئەوانیش بەشــێکیان کەوتوونەنە ژێر زەوی ئەو بازنە خرانە وەک ئاماژەیە بۆ گولەی دەمانچەکانە، بوونی ئەوهێمایانە وەک دەمانچەو شـمشـێر و خەنجەر بۆجیاکردنەوەی گۆری ئافرەتان پیاوان بووە لەیەکتر، بەڵام لەم گۆرانە لەبەرئەوەی ناوی کەسـی مردوو نووسـراوە کەپیاوە، ئەوە بوونی ئەو نەخشـانە مەبەسـتێکی تری هەیە کەوا کەسـی مردوو سەرباز بووە یان سەرکردەیەکی سەربازی بووە، وێنەژمارە (٤) هێڵکاری ژمارە-(٥))



هێڵکاری ژمارە (٥)
وێنە: توێژەر



وێنەی ژمارە (٤)
وێنە: توێژەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گۆڕی دووەم هەردوو کێلەکەی ماوە:**

**کێلەبەردی یەکەم: (لای ســـەرین):** ئەم کێلەش دەکەوێتە لای پێیەکـانی مردووەکە شــێوەکـەی لاکێشەییە، کۆتاییەکەی شێوەیەکی نووک تێژی هەیە، تەنیشتەکانی بەش بەشکراوە و بۆ هەرلایەکی بریتییە لە سێ بەش، بەرزی (درێژی) کێلەکە (٩١سم)ە، پانییەکەی (٤٩سم)ە وئەستورییەکەی (٥سم)ە. جۆری بەردەکەی (حەلانە) نەخشـکراوە بە زەخرەفەی نووسـین بە خەتی (ثلث). دابەشـکراوە بۆ چوار دێری ئاسۆی، دێری یەکەم ووشـەی (یا رحیم) تێدا نووسـراوە لە ناو چوارچێوەیەکی شێوە گۆمەزیە. بەلام دێرەکانی تر هەموو لە نێو چوارچێویەکی شــێوە لاکێشـــەی نووســـینەکان نەخشـــێندراوان، نووسینەکان هەڵکەندراوە بەشێوەی (نحت بارز). وینەی ژمارە (٦) هێڵکاری ژمارە (٧).

١- الرحیم (یەکێکەلەناوە پیرۆزەکانی خودای گەورە بەکوردی بەمانا بەزیهاتنەوە دێت)

٢- هذا قبر المرحوم والمغفور ( بەمـانی ئەوە گۆڕی خوالێخۆشـــبوو یـان عەفووکراو دێت بەمانای ئاینیەکەی )


٣- محمدبن الحاج طه توفی

٤- جماد سنه ١٣٣٧ الاول. بەرامبەر بە ساڵی (١٩١٦ز)



وێنەی ژمارە (٦)

وێنە: توێژەر



هێڵکاری ژمارە (٧)


هێڵکاری: توێژەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**کێلی دووەم:** لای خوارو (لای پێیەکـان): ئەم کێلە دەکەوێتە لایخوارەوەی لای پێ مردووە کە بە ئاراسـتەی ڕۆژ هەڵات، شـێوەیەکی لاکێشـەی بەرزی(درێژی) یەکەی (٨٢سـم)ە و پانیەکەی (٤٩سـم)ە ئەسـتوری کێلەکەش (٦سـم)ە، لەبەردی (حەلان) دروسـت کراوە ڕووی پێشـەوەی نەخش زەخرەفەی لەسەر کراوە، بەشی لاسەرەوەی کێلەکە لە چوار شێوە (کەوان) بۆ هەر لایەکی کیلەکە دابەش کراوە سـەرکەی لە شـێوە قوچەکی نووک تیژە (مدبب مفصـص). لە ناوەراسـت سـەرەوەی کێلەکە کۆمەلێک نەخش هێماهەیە لە بەشـی سـەرەوەی لایی شـێوە نووکتیژەکە نەخشـی دوو دەمانچەی سـەردەمی عوسمانی هەیە بە شێوەی بەرامبەر یەک کە لەشێوەی ژمارە هەشت دەکات بەگەورەی نەخش کراوە دەمانچەکان دەست کیان لە شێوەی سەری ئاژەڵ دروستکراوە لە شێوەی مامزی کێوی نەخشکراوە، دوو قۆچی کورتی نوک تیژی بۆ پشتەوە هەیە، لە نێوان لولەی دەمانچەکان توورەکەی باروت هەیە و شۆڕبۆتەوە، لەنێوان دەسـتی هەردوو دەمانچەکەش لەخوارەوە وێنەی خەنجەرێک هەیە کە بەڕوونی دیـارە دەمکی تیژی هەیە، لە تەنیشـــت ئەم خەنجەرە وینەی دەمـانچەیەکی ترهەیە کەلوولەکەی شـۆڕبۆتەوە بۆ خوارەوە بۆ دەسـتکەکەی کەمیک خوار بۆتەوە جێگای فیشـەکانی دیارە کەشـێوەیەکی بازنەی هەیە، ئەم نەخشـــانەش بەهەلکۆلینی (نحت غائر)[1]کراوە بەشـــێوەیەکی ســـادە زۆر لایەنی هونەری تێدا بەکارنەهاتووە، بڕوانە وینەی ژمارە (٨) هێڵکاری ژمارە (٩)

[1] ئەم جۆرە نەخشـەی سـەر ئەوکێلە بەردانە بە شـێوەیەکی (نحت غائر) هەڵکەندراوە کە ئەمەش جۆرێکە لەهونەری هەلکۆلین لەســەر دار یان بەرد واتا دیمەنی مەبەســت لەهەلکۆلدراوەکە نزمترەلەدەوروبەرەکەی لە کاتی دەســت لێدان بەئاسانی هەست بەڕووی چالەکەدەکەێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هونەری کونی مصروعێراق (رزق 2000، ص 316).

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی ژمارە (٨)

وێنەی: توێژەر



هێڵکاری ژمارە (٩)

وێنە: توێژەر

نمونەی ئەم جۆرە کێلانە لە گۆڕستانەکانی تری کوردستان بەدی دەکرێت، بەتایبەت دەرکەوتنی شمشێر و دەمانچە، نمونەی گۆڕستانی چراغ لە شاری هەولێر (مستەفا ٢٠١١، لا ٩٥) جگە لە گۆڕستانەکانی شاری هەولێر لە پارێزگای سلێمانیش بەدی دەکریت لە ناوچەکانی (پشدەر، بتوین، دوکان) بەهەمان شێوە وێنەی شمشێر و دەمانچە دەبینرێت لەسەر کێلەکان نەخشێنراون (شوێنەوار، ٢٠٢٠، لا ٥٥) .

سەبارەت بەو کەسایەتیانەی کە ناویان سەرگۆرەکان نووسراوە، لەگەڵ ئەوەی بەهۆی ناوەکانیان پەیوەندی خزمایەتیان لە نیوانیاندا هەیە بەڵام هیچ پاشگر یان لەقەبێک یان نیە بۆ ئەوەی بەئاسانی بتوانین کەسی مردو بنەماڵەکەیان بناسرێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ناوچەکە هەر لەکۆنەوە شوێنی نیشتەجێ بوونی هۆزی شێخ بزێنیە بۆیە ئەو گۆرانەش دەگەرێنەوە بۆ کەسایەتی بنەماڵەکانی ئەو هۆزە، چونکە حاجی عزیز کە باوکی مردووەکانە، یەکێکە لە ئاغاکانی شێخ بزێنی باپیری (یوسف ئاغای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


شـێخ بزێنی) [1] ئاغای گوندی کەورگۆسـک بووە ئێسـتاش نەوەکانی لە ژیان ماون لە شـاری هەولێر نیشتەجێنە ( چاوپێکەوتن لەگەڵ: حاجی فاروق یوسف اغا شێخ بزێنی،١٠/ئەیلولی/ ٢٠٢١).

**گۆڕی سێیەم:**

ئەم گۆڕەش هەردوو کێلەکەی ماوە بەلام هیچ نەخش زەخرەفەیەکی لەسـەر نیە جگەلە شـێوەی کێلەکان نەبێت. کێلی یەکەم دەکەوێتە لای سـەری مردووەکە بەئاراسـتەی باشـوری ڕۆژهەلات کەشـێوەیەکی درێژ کۆلەی هەیە، درێژییەکەی (٧٥سـم)ە و پانییەکەی (٣٠سـم)ە، ئەسـتورییەکەی (٥سم)ە. هیچ نەخش و زەخرەفەیەکی لەسەر نابیندرێت تەنیا ئەوەنەبێت کێلەکە خۆی وەک شمشێر دروست کراوە، لە بەردی (کلس)جیاواز لە کێلەکانی تر، ئەوانەی تر لەبەردی حەڵان دروست کرابوون، بوونی ئەم شـێوە شـمشـێرەش بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی کە ئەم گۆڕە هی پیاوانە. وێنەی ژمارە (10) هێڵکاری ژمارە (11)


[1] یوسف ئاغای شێخ بزێنی: یوسف کوری محمود کوری حاجی عزیز شێخ بزێنی یە لە ساڵی ١٩١٤لە گوندی کەورگۆسک لەدایک بووە، سەرۆکی هۆزی شێخ بزێنی بووە خاوەنیدیوەخان سەروەت سامانێکی زۆر بووە لە گوندی کەورگۆسک، لە ساڵی ١٩٧٧ لەشاریهەولێر کۆچی دوای کردوە. ، (شێخ بزێنی ٢٠١٣، لا ٢٠).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنە ژمارە (١٠)

وێنە: توێژەر




وێنەی ژمارە (١٢)

وێنە: توێژەر

**کێلی دووەم:** ئەم کێلە دەکەوێتە لای پێی مردووەکە بە ئاراستەی ڕۆژ هەلاتی گۆڕەکە، کێلێکی سادەیە، بەهەمان شێوەی کێلەکەی تر لە بەردی (کلس) دروست کراوە، هیچ ئاماژەو نەخشێکی لە سەر دروست نەکراوە (وێنەی ژمارە (11) هێلکاری ژمارە (12))

## ٨. دەرئەنجام:

یەکەم: ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە کێلە نەخشێندراوەکانی گوندی کەورگۆسک، لە پارێزگای هەولێر، کارێکی نوێی مەیدانیە، مەبەستی سەرەکی دەرخستن و گرینگی پێدانی ناوچەکەیە لە ڕووی شوێنەواری ومێژووی، چونکە لەپیشوودا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی پاشماوە شوێنەواریەکانی ئەم ناوچەیە ئەنجام نەدراوە.

دووەم: هونەری نەخش و زەخرفەی سەر کێلەکان یەکێکە لە هونەرە گرنگەکان، بەدرێژایی مێژوو لە سەردەمە جیاوازەکانی ئیسلامی ئەم هونەرە بوونی هەبووە و گرنگی خۆی هەیە. کێلەکان بۆنەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ گەیشتن بە مێژوو وشێوازی هونەری سەردەمەکان ئەمەش بەهۆی بوونی نووسین لەسەر بەشێک لەکێلەکان کە بەچەندین جۆری خەت نووسراوە، جگە لەبوونی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز.

سێیەم: گرنگی ئەم هونەرە لە سەر کێلی بەردی گۆڕەکان وای کردوە لە ساڵانی ڕابردوو چەندین توێژینەوە ولێکۆلینەوە شوێنەواری لەسەر بەشێکی زۆری گۆڕستانەکانی کوردستان لە ناوچە جیاجیاکان بکرێت، ئەمەش پاڵنەرێك بو بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە کە پێشتر کاری لەسەر نەکراوە.

چوارەم: زۆربەی نەخشەکانی سەرکێلەبەردەکان برتیتن لە نووسین کە ئاماژەی ئاینی و ناو ومێژووی کەسی کۆچ کردوی لەسەرە، جگە لەبوونی هەندی نەخش دەستەواژەی تر وەک شمشێر و خەنجەر و دەمانچەو ملوانکە، بۆ چوونەکان بۆ ئەو جۆرە نەخشانە ئەوەیە بۆ ئەوەی جیاوازی بکریت لەنێوانی گۆڕی پیاو ئافرەت یان کەسانی ئاسایی و کەسانی دەسەلات دار و خاوەن هێز یان بەشێک لەو کەسە کۆچ کردوانە جەنگاوەر وسەرباز بوونە.

پێنجەم: بە ووردبوونەوە لە بەشێکی زۆری ئەو کێلی گۆڕانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە کۆن وئێستاش کەسانی ناودارو ناسراو خاوەن دەسەڵات شێوازی گۆڕەکانیان جیاواز بووە لەگەڵ کەسانی

ئاســـایی، تایبەت لە بوونی کێلەکان نەخش و زەخرەفەکانی ســـەریان. گرینگی زیاتریان پێدراوە لە لایەن کەس و کارەکانیان.

شەشەم: لە کۆتایی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە زیاتر گرنگی بەم جۆرە هونەرە لەسەر کێلی بەرد بدرێت بیان پارێزین تایبەت لایەنی پەیوەست بە شوێنەوار و کەلتور چونکە ئەمانە بەشێکن لە پاشـــماوەی نەوەکانی پێش ئێمە، بەڵام بەداخەوە بەشـــێکی زۆری ئەو کێلانە بە هۆی پشـــت گوێ خستنیان مەترسی لەناو چوون یان لەسەرە بەهۆی شکان وخورانی کێلەکان بە هۆکاری سروشتی ومرۆی.

## ٩. لیستی سەرچاوەکان:

**پەرتووکەکان**

بەزمانی عەرەبی:

1. ثويبي، علي. (2005) **معجم عمارة الشعوب الاسلامية**، ط1، ديمشق: دار الحوران.
2. الجبورى، يحيى وهيب. (١٩٩٤م) **الخط والكتابة في الحضارة العربية، بيروت**: دار الغرب الاسلامي.
3. . العامة، مديرية الاثار. (1970م) **المواقع الاثرية في العراق**، بغداد: من مطبوعات مديرية الاثار العامة.
4. رؤف، د. عيماد عيدالســلام ؛ محمد أمين، د. نرمين . (2011م) **شــواهد الســلطانية في العمادية دراســة تاريخية أثرية**، اربيل: مطبعة الحاج هاشم.
5. رزق، عاصم، محمد. (2000) **معجم مصطلحات العمارة والفنون الاسلامية**، القاهرة: مكتب مدبولي.

بەزمانی کوردی:

1. خاڵ، شـێخ محمد. (٢٠٠٥ز) **فەرهەنگی خاڵ**، هەولێر: دەزگای بلاوکردنەوەی پەخشـــی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
2. شـوێنەوار، محمد. (٢٠٢٠ز) **هونەری نەخشـی سـەر کێلە بەرد لەناوچەکانی (پشـدەر، بتوین، دوکان)**، تاران: چاپخانەی جەنگەڵ.
3. غەفور، عبدوڵلا. (٢٠٠٥) **گوندەکانی باشـوری کوردستان لە سـەر زەمیری دانشـتوانی عێراقدا-١٩٥٧**، ب٢، چ٢، هەولێر: دەزگای چاپی بلاوکردنەوەی ئاراس.
4. غفور، عبـدوڵلا. (٢٠٠٥ز) **جوگرافیـای کوردســتـان**، چ٤، هەولێر: دەزگـای چـاپ بلاوکردنەوەی موکریـانی، چاپخانەی وەزارەتی پەرەوەردە.
5. غفور،عبداڵلا. (٢٠١٥ز) **فەرهەنگی جوگرافیایی هەولێر**، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

6. ســمایل ،عەباس ســلێمان. (٢٠٠٤) **مێژووی دەشــتی هەولێر**، هەولێر: بەرگی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی سەعدوڵلا شیخانی ژمارە (٦٧).
7. شــێخ بزێنی، ســەعد فاروق. (٢٠١٣) ، **لە دیوەخانی یوســف ئاغای شــێخ بزێنی**، هەولێر: چاپی یەکەم، چاپخانەی ولات.

گۆڤارەکان بەزمانی کوردی:

١. برادۆستی، زێدان؛ بانیشاری، علی. (٢٠١٥ز)کێلەنەخشێندراوەکانی گۆڕستانی پیرغەیب (بانیشار)لەشارۆچکەی خورماڵ (توێینەوەیکی مەیدانیە)، **گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**._ژمارە ٣٣، چاپخانەی حاجی هاشم. لا٢٩٧-٣١٠.
٢. بەرزنجی، مهدی. (٢٠١٧ز) نەخش زەخرەفەی ســەرکێلەکانی گۆڕســتانی گوندی یەلانپێ (توێژنەوەیەکی مەیدانیە)، **گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**._ژمارە ٣٧، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، لا ٤١٥- ٤٤٠.
٣. ســنجاوی، جەلال. (٢٠٠١)، ئەنتۆگرافیای دەشــتی هەولێر، ، **گۆڤاری هەولێر ،** وەرزە گۆڤارێکی ڕۆشــنبیری سەربەخۆیە، ژ١٠، هەولێر، لا ١٢٣.

نامەی ماستەر:

1. مســتەفا، مهدی جلال. (٢٠١١ز) **هونەری نەخش زەخرەفەی ســەربەرد لە پاریزگای هەولێر لەساڵی (1700-1900ز)**، تویژینەوەیەکی مەیدانیە، نامەی ماســتەر- بلاونەکراوە، زانکۆی ســەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب / بەشی شوینەوار، هەولێر.
2. ڕشــید، یادگار خدر. (٢٠١٤) **شــیکردنەوەی جوگرافی دابەشــبوونی پیشــەســازی لە پارێزگای هەولێر (لێکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای پیشەسازی)**، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، بڵاونەکراوە.

دەزگا حکومییەکان:

3. پارێزگای هەولێر، بەرێوەبەرایەتی ناحیەی کەورگۆسک، سەرچاوەی بلاونەکراوە، سەردانی میدانی توێژەر ٢٢/4/2021ز.

سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی

1. Ur, Jason, others. (2021) THE ERBIL PLAIN ARCHAEOLOGICAL SURVEY: PRELIMINARY: RESULTS, 2012–202,**IRAQ THE BRITISH INSTITUTE FOR THE STUDY IRAQ**, PAGE 1-39.

چاوپێکەوتن:

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ : حاجی فاروق یوســف محمود حاجی عزیز شــێخ بزێنی، لە ١٠ ئەیلولی ٢٠٢٢هەولێر. لەدایک بووی ١٩٥٦.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوەی نەخشەکان و وێنەکان:

1. نەخشـــەی ژمارە (١) ســـنوری کارگێری ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپشـــت بەســـتن بە وەزارەتی پلان دانان بەڕیوەبەرایەتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی نەخشەسازی ٢٠٢٢
2. نەخشـــەی ژمارە (٢) بەرزی ونزمی نـاحیەی کەورگۆســـک، پشـــت بەســـتن بە وەزارەتی پلان دانـان بەڕیوەبەرایەتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی نەخشەسازی ٢٠٢٢
3. وینەی ژمارە (١) گۆڕســـتانی کەورگۆســـک لە ئاســـمانەوە لەرێگای ئامیری درۆن وەزارەتی شـــارەوانی/ بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار/ بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر، ٢٠١٨).
4. وێنەی و هێکاری کێلی قەبرەکان، کاری مەیدانی توێژەر ٢٠٢١

## الكتابة والصور على شواهد قبور مقبرة قرية كوركوسك في محافظ اربيل
## (دراسة الميدانية تحليلية)


### الملخص

شـواهد القبور لها أهمية كبيرة في دراسـة علم الاثار وهي وسـيلة للوصـول إلى الكثير من المعلومات بسـبب وجود الكتابات والصـور على شـواهد القبور. هذة دراسـة ميدانية في ناحية كوركوسك قرية كوركوسك التابعة لقضــاء خبات في محافظة اربيل. لاظهار جانب مهم من الجوانب الحضــارية لهذة المنطقة، التي لم تتناولها أية دراسة علمية سابقا.

تتضـــمن هذه الدراســـة تحليلا لحجر القبور الثلاثة، على الرغم من أن بعض الحجارة المكســـورة قد تم تعديلها ولكن القطع المكسورة تمكنت من إعادة توصيلها، قد زالت بسبب العامل الزمني والبيئي والبشري.

تعتبر هذه الدراسة أول دراسة ميدانية تتناول شواهد هذه القبور من الناحية الفنية والشكل الهندسي، حيث ركزنا على الجانب الميداني كجزء أســاســي للدراســة، وذاللك بســبب قلة المصــادر والمراجع حول موضــوع البحث خصوصا والمنطقة عموما.


## Writing and pictures on the Gravestones of the Cemetery of the Village of Kawrgosk
## (Analytic field study)


**Assist. Prof. Dr. Narmin Ali Muhamad Amin**

Department of Archeology, College of Literatures, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

narmen.ameen@su.edu.krd

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Barzan Rasheed Mhamad**
Department of Archeology, College of Literatures, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Barzan. mhamad@su.edu.krd

***Keywords:*** *Gravestones, Pictures, Writings, Village, Kargosk.*

## Abstract
Gravestones are of great importance in the study of archeology and are mean of accessing a lot of information due to the presence of writings and images on Gravestones. This is field research in the area of kawrgosk, the village of kawrgosk, which is part of the Khabat district in the Erbil governorate. To show a significant aspect of the civilizational aspects of this region, which were not previously covered by any scientific study.

This study includes an analysis of the stone of the three tombs, although some of the broken stones were modified, but broken pieces were able to be reconnected, because of the period, environmental and human factor.

It is the first field study that deals with these Gravestones from a technical and engineering point of view, as we focused on the field aspect as an essential part of the study, due to the lack of sources and references on the subject of research in particular and the region in general.